# تورکیا لەبەردەم گۆڕاندایە؟

**کەمال ڕەئوف**

پتر لە چارەکە سەدەیەکە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیا لەناو گێژاو فەسادو قەیرانێکی ئابوری و سیاسی و کومەڵایەتیدا ژیان دەبەنە سەر, ئەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەی کەلەچەند ساڵی رابردودا لە تورکیا هاتبوە ئاراوە قەیرانێکی گەورەی بێ متمانەیی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت وحیزبەکاندا دروستکردبوو کە چیتر لە ڕووی سیاسیەوە حیزبە عەلمانی و نەتەوەییەکان نەیان دەتوانی وەك پێویست لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگی هاوڵاتیان بۆخۆیان مسۆگەربکەن. لەڕوی ئابوریشەوە دابەزان و بێ نرخ بوونی لیرەی تورکی وگرانی پێداویستیەکانی ژیان بەشێکی زۆر لەخەڵکی ئەو وڵاتەی بۆ نزمترین ئاستی هەژاری پەلکێش کردو بەدەیان ملیۆن کەس لەژیانێکی کولەمەرگیا ژیانیان دەبردەسەرو بە ملیۆنەها هاوڵاتی ئەو وڵاتەی ناچاری کۆچ کردن بەرەو وڵاتانی ئەوروپا کرد. باڵی ئەسکەرتاریەتی تورکی کە خۆیان بە پارێزەری دەسەڵاتی عەلمانی و دەستور و بەرنامەکانی کەمال ئەتاتورك دەزانن , تاکو ئێستا چەندین ئینقلابی سەربازیان بەسەر حکومەتەکانی تورکیادا کردووە دەستیان وەرداوەتە کاروباری حکومەتەوە, ئەوان هەمیشە بەشێك لەقەیرانەکانی ناو تورکیا بوون و بەدەستێکی ڕەشی دژی کرانەوەو دیموکراتی ناو تورکیا ناسراون, دواین ئینقلابیان ساڵی 1997 بوو کە لە ڕێگەی دادگای دەستورییەوە ئەربەکانیان خستە قەفەزی ئیتهامەوەو بەزۆر پارتەکەیان پێ هەڵوەشاندەوە و ئەو دەست تێوەردانەشیان ناونا, داکۆکی لە دیموکراتی و دورخستنەوەی پارتی ئیسلامی و داکۆکی کردن لە عەلمانیەت, تازە ترین دەست تێوەردانیشیان لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی نوێنەرەکانی پارتی عەدالەت دا بوو کە ویستیان بەهەمان سیناریۆو بەهەمان بیانوی ئەربەکان و ئیسلامی بوون بەر بەهەڵبژاردن و پێشکەوتنەکانی پارتی عەدالەت بگرن, بەڵام ئەوەی کەوای کرد ئەو هەوڵەیان لەبەرانبەر پارتی عەدالەتدا شکست بخوات, چەند خاڵێك بوو, یەکەم پارتی عەدالەت لە ساڵی 2002 وە کە هاتونەتە سەرحوکم تارادەیەك ئابوری تورکیایان بوژاندوەتەوە کە بەپێی ڕاپۆرتی چاودێری ڕێژەی 4. 7.|. ئابوری وڵات زیادی کردووە ئەم ڕێژەیەش بە پێی بۆچونی ئابوری زانان ڕێژەیەکی کەم نییە. دووەم, پارتی عەدالەت پێچەوانەی ئەربەکان و حکومەتەکەی ئەو کە لەهەوڵی خۆشکردنی پەیوەندی ئابوری و سیاسی بە وڵاتانی ئیسلامی و ئەندەنوسی و مالیزی بوو, عەدلەت پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی لەگەڵ ئەوروپا خۆشکردووە لەهەوڵی ئەوەدایە تاڕادەیەك بەربەفەسادی ئیداری بگرێ. سێهەم, پارتی عەدالەت لەپەرلەماندا ڕێژەیەکی زیاتر و بەرچاوی لەپارتەکەی ئەربەکان بەدەست هێناوەو لەهەڵبژاردن دا توانیویەتی دەنگی هاوڵاتیان بەشێوەیەکی زۆر بەدەست بهێنێ کە ئەوکاتە ئەربەکان تەنها 120 کورسی پەرلەمانی لەکۆی 550 کورسی بەدەست هێنابوو بەڵام ئێستا عەدالەت نزیکەی نیوەی دەنگەکانی بۆخۆی مسۆگەر کردوە, کە ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە پارتی عەدالەت لەناو خەڵکدا پایەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزتر و جەماوەرتری هەیە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە عەدالەت هەوڵی داوە نموزجێکی گونجاوتر لەپارتەکەی ئەربەکان و پارتە تونڕەوەکانی تورکیا نیشان بدات و بەشێنەی کار لەسەر ئەوە بکەن کە خۆیان لە میراتی کەمالیزم و دەستوری کۆن پاك بکەنەوە و بەمەش ئەوە بسەلمێنن کە چۆن تورکیا یەکەم وڵاتی ئیسلامی بوو کە توانی گۆڕانکاری و کرانەوە قبوڵ بکات و ئاین و دەوڵەت لەیەکتری جیابکاتەوە ئاواش ئێستا دەتوانێت نموزجێکی تری دەسەڵاتی شێوە

ئیسلامی میانەڕەوی وانیشان بدات کە کاریگەری هەبێت بەسەر دەسەڵاتە ئیسلامیەکانی ناوچەکەوە وهەوڵ بدات شێوە هاوسەنگیەك لەنێوان دەوڵەتانی مەسیحی و دەوڵەتانی ئیسلامیدا دروست بکات. هەر لەم سۆنگەیەشەوەیە کە زۆربەی چاودێرە سیاسیەکان لایان وایە حکومەتی تازەی تورکی لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایانەوە چیتر پێی ناوەتە قۆناغێکی ترەوەو ڕەوشەکە بەرەو ئەوە دەچێت کە دەسەڵات لەدەست ئەسکەرتایەت و جەنەڕاڵە تونڕەوەکانی تورکیا بهێنرێتە دەرەوەو دەورانێکی تر لە شێوازی دەسەڵاتدرێتی و پیاچوونەوە بە بەرنامەکانی کەمال ئەتاتورکدا بێتە ئاراوە, بۆیە لایان وایە کە عەدالەت و حکومەتەکەی جگە لەچاودێری وڵاتانی دەرەوە لەهەمان کاتیشدا لەناوەوەش لەژێر چاودێری و فشاری هێزە توندڕەوەکان و باڵی ئەسکەرتاریەتدایەو ئەمەش بۆهەموو لایەك وەك تاقیکردنەوەیەك وایە کە تاچەندە ئەم نموزجە تازەیە دەتوانێت لەناوچەکەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. دیارە ئەمەش بۆ پارتە توندڕەوە تورکیەکان و باڵی ئەسکەرتاریەت هێڵی سورەو دەیانەوێت بەهەر شێوازێك بوە بەری پێبگرن, بۆئەمەش تازەترین سیناریۆ کە بەدەستیانەوە گرتوە سیاسەتی دژی تیرۆر و گیانی شەڕەنگێزیە لەبەرانبەر خەڵکی کوردو هەرێمی کوردستاندا, دەنا جەنەراڵەکان لەهەموو کەس باشتر ئەوە دەزانن وشارەزای ئەوەن کە بە بەزاندنی سنورو هێرش کردنی سەربازی بۆ سەر بارەگاکانی پەکەکە ناتوانرێ چارەسەری کێشەکان بکرێ و هێزە سەربازیەکانی تورکیاش ناتوانن ئەو پارتە لەبەین ببەن وەك ئەوەی کە پروپاگەندەی بۆدەکەن, ئەوان لەو ڕووەوە لەهەموکەس دەرس ئەزمونیان زیاترە و ئەوە دەزانن کە ئابوری تورکیا توشی شکست و هەڵدێرێکی گەورە دەبێت گەر هات و ئەو سیناریۆیەیان بۆ بچێتەسەر, لەڕووی سیاسیشەوە بەدروستکردنی ئەم قەیرانە تورکیا لە ژێر چەتری حکومەتی عەدالەتدا چەند هەنگاو لە بیرکردنەوەو چونە ناو ڕێکخراوەی یەکێتی ئەوروپا دوردەکەوێتەوە و لەوێشەوە شکستێکی گەورەی وا بۆ ئیدارەو حکومەتەکەی عەدالەت دروست بکەن کە بتوانن لەنێو ئەو تەنگژیەیانەدا دەورێکی زیاترو شەرعیەت بە سەرەڕۆیی و دەست تێوەردانی خۆیان لەکاروباری حکومەتدا بدەن, بۆیە دەکرێت لەدوا لێکدانەوەماندا بەو خاڵە بگەین کە لەشکرکێشی تورکیاو ئاڵۆزکردنی سنور و هەرەشەکانی ئەم دواییانەی توکیا, ئەگەر جەمسەرێکی بۆ دژایەتی کوردو پەکەکە بێت ئەوا جەمسەرەکەی تری کارکردی کێشەو قەیرانەکانی ناو دەسەڵاتی تورکی خۆیەتی ومەبەست لێی, دژایەتی پارتی عەدالەت و ئەو هەولانەیە کە چیتر نایانەوێت بەرێچکەی کەمالیزمدا ڕێ بکەن, بەکورتی ئەم شەڕە لەکاتی هەڵگێرسانیدا بەسەرکەوتن و سەرنەکەوتنیەوە لەخزمەت باڵی ئەسکەرتاریەت و نەتەوە پەرستەکانی تورکیایە و سیناریۆیەکە بۆ گەرانەوەو بەهێزکردنی دەنگی ئەوان لەبەرانبەرئەگەری گۆڕان وکرانەوە لەناو توکیادا.